خاك. . . ئەی هاوڕێم. . !!

دەقی : ژنە شاعیر / ئیسپێرانسا لویس برادا
و. لە ئیسپانییەوە : حەمەی ئەحمەد ڕەسوول

لە پێناوی خۆماندایە، ئەم خاکە ئەپارێزین
هەرگیز بۆ خاتری چ نادیاری نییە
ئەیپارێزین لە هەموو بارەشێ
لە خشڵ و لە ئاڵتوون،
شووراکانی بۆ هەڵئەچنین
مادامەکێ خودانی تەندروستی و لەشێکی پتەوین
بەو ئارەزوومەندییە ڕاشکاوەوەی لە ناخماندایە
بە خۆڕاگرییەوە ئەشتوانین
ماتەمی و شیوەنی لە پێناودا سازدەین
***
ئەو زەوییە، هەر ئەو خاکەیە، ئەی هاوڕێم
کە ڕۆژێ لە ڕۆژان، من و تۆی بەیەکگەیاند
ئەو ڕۆژە هەرگیز لە یادەوەریمایە
سڵاوت لێ بێ ئەی خاك
سڵاو لە فەرهەنگ و لە بەیداخەکەت
پەیامە بێپایانەکەت
تاقە ڕووناهی و هێزێکە بۆ هەنگاونانم
بە نێو ئەم جیهانە دەمبەئازارەدا. . .

، ئیسپێرانسا لویس برادا، ژنە شاعیری هەنووکەیی و Esperanza Luis brada
هاوچەرخی ئیسپانیایە، جێ پەنجە و مۆرکی خۆی بەسەر بزاڤی شیعری تازەگەریی مۆدێرنی وڵاتەکەیدا وەکو ڕۆژی ڕوناك دیارە. . . . . زمانێکی پاراوو سادە لێ تێکەڵ بە ڕەهەندی
فەلسەفی و هزری هیومانی / ئینسانی لە خەسڵەتە ئاشکراکانی شیعری ئەم خانمە هۆنەرەیە
* ژێدەری ئەم شیعرانەمان لە نامیلکەی < سێ ڕۆژان / مەدرید / ١٩٩٤ > دوە وەرگرتووە
** سەرچاوە بە ئیسپانیی :
Las Tres Dias / Esperanza Luis Brada / Madrid / 1994

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت